# گیرفان

**بەداوای لێبوردنەوە چەکوش کاریەك لەمەڕ شیعرە پڕواتاو ماناکەی**
**ئازیزو خۆشەویست کاك جەلال بەرزنجی.**

**حەسەن محەمەد**
hasenm@hotmail.com

**هەیە دەست بۆ گیرفانی دەبات**
**چەقۆ دەربێنێ**
**گوڵ دەربێنێ**
**سیغار دەربێنێ**
**یان**
**ئەڵقەی پە نجەی بشارێتەوە**
**یان**
**قەڵەم ڕەنگ دەربێنێ**

**هەیە دەست دەخاتە گیرفانی**
**بۆ ئەوەی دەری نەهێنێتەوە**
**هەشە دەست دەخاتە گیرفانی**
**دارلاستیك دەربێنێ**
**یان**
**ڕا پۆرتی سەر برادەرەکەی بگەێنێ**
**یان بۆ ئەوەی چە پڵە لێ نەدات**
**یان بۆ ئەوەی تۆوی ناکۆکی بچێنێ**
**یان تۆپی( سێ درهەمی ) دەربێنێ**
**یان سەعات**
**یان شمشاڵ**
**یان بەردی دامە دەربێنێ**
**یان نامەی دۆستەکەی لەهاوسەرەکەی وەلانێ**

**هەشە لە نیگەرانیا دەست بۆ گیرفانی دەبات**
**هەشە قیبلە نامەکەی دەردێنێ**
**یان وێنەی باوکە شەهیدەکەی دەربێنێ**
**یان چۆلەکەیەك زیندانی کات**
**یان هاوکات**
**دەستەسڕێ دەربێنێ**
**تاوەکو تەوقە نەکات**

هەیە دەست لە گیرفانی دەردێنیٚ
بۆ ئەوەی پانی کاتەوە
یان وێنەی منداڵەکەی دەردێنیٚ
یان حەبی( ڤیاگرا ) دەردێنیٚ
یان قەڵەم دەردێنیٚ
بۆ ئیمزای تەنازول کردنیٚ
یان چارەکیٚ عارەق دەربێنیٚ

هەیە دەست بۆ گیرفانی دەبات
تا دڵنیا بێت کون نیە
یان قۆپێکەی دەربێنیٚ

هەشە دەست بۆ گیرفانی دەبات
خووی پێوە گرتوە
هەشە دەست بۆ گیرفانی دەبات
نامەی لێپرسراوێك دەربێنیٚ
تا ببێتە ئەندام پەرلەمان و بپەرلەمینیٚ

هەیە دەست بۆ گیرفانی دەبات
نان و هێلکە دەربێنیٚ
یان دۆلارەکانی بژمێریٚ
کەبیٚ ماندوبوون
لە ڕۆژێکدا دەستی کەوتوون

هەیە دەست بۆ دەرپیٚ کورتەکەی دەبات
تا، دڵنیابیٚ
نەبا، پارەی قاچاخچیەکەی ڕێگەی یۆنانی لیٚ کەوتبیٚ

هەیە دەست بۆ گیرفانی دەبات
بۆیاخی ڕەش بۆ سمێڵی دەردێنیٚ
هەشە دەست بۆ گیرفانی دەبات
نائومێدی دەردێنیٚ
گوڵەبەڕۆژەو،
مێوژو،
دڵ و،
وورده نانی ڕەق دەردێنیٚ

مامۆستا جەلال بەرزنجی(گیرفانی)ی بەمانای باخەڵ لێکداوەتەوە، لێ لە ڕاستیدا کورد بەگیرفانەکانی سەرو کەمەری ئینسان دەڵێت گیرفانەکانی بن باخەڵ ، وەك گیرفانی بن باخەڵی چاکەت، یان ستارخانی و مرادخانی و چۆغە، وە بەگیرفانەکانی خوار کەمەریش دەڵێت گیرفان،وەك گیرفانی پانتۆڵ، شەرواڵ، یان ڕانك، وەهەروەها لە کوردەواریدا گەر یەکێك تاریفی هاوسەرەکەی بکات، دەڵێت خوشکی فلآن کەس لە باخەڵمایە.یان کچی فلآن کەس لەباخەڵمایە،

جا، دەبێت مامۆستا جەلال بمبورێت و بمبەخشێت، هەر چەندە شاعیر نیم بەڵام گوێی مۆسیقاو ئاوازی شیعرم هەیەو خۆ لادان لە تیکرار بونەوەی هەندێ دێڕیش دەلالەت لە شارەزابونی شاعیر دەکات.